Diploma Programme
Programme du diplôme
Programa del Diploma

# Kurdish A: literature – Standard level – Paper 1
# Kurde A : littérature – Niveau moyen – Épreuve 1
# Kurdo A: literatura – Nivel medio – Prueba 1

Wednesday 4 May 2016 (afternoon)
Mercredi 4 mai 2016 (après-midi)
Miércoles 4 de mayo de 2016 (tarde)

1 hour 30 minutes / 1 heure 30 minutes / 1 hora 30 minutos

---

### Instructions to candidates

- Do not open this examination paper until instructed to do so.
- Write a guided literary analysis on one passage only. In your answer you must address both of the guiding questions provided.
- The maximum mark for this examination paper is **[20 marks]**.

### Instructions destinées aux candidats

- N'ouvrez pas cette épreuve avant d'y être autorisé(e).
- Rédigez une analyse littéraire dirigée d'un seul des passages. Les deux questions d'orientation fournies doivent être traitées dans votre réponse.
- Le nombre maximum de points pour cette épreuve d'examen est de **[20 points]**.

### Instrucciones para los alumnos

- No abra esta prueba hasta que se lo autoricen.
- Escriba un análisis literario guiado sobre un solo pasaje. Debe abordar las dos preguntas de orientación en su respuesta.
- La puntuación máxima para esta prueba de examen es **[20 puntos]**.


© International Baccalaureate Organization 2016

International Baccalaureate
Baccalauréat International
Bachillerato Internacional

دەربارەی یەکێك لەمانەی خوارەوە بنووسە. وڵامی هەر دوو پرسیارەکە لە نووسینەکەتدا بگونجێنە.

**.1**

دەبوایە بیکوژم... دەبوایە ئەو پیاوە بکوژم... ئەو پیاوەی بە درێژایی تەمەن منی کردبووە سێبەری خۆی، سێبەرێکی کاڵ، سێبەرێك کە حیزە زستانێکی بەتەمومژ ڕەسمی بکا، هەر ئەو ڕۆژەی کە پێم گرت و لە گاگۆڵکێ کەوتم، هەر لەو ساوە ئەنگوجکی فەقیانەکەیم دەگرت و دەکەوتمە دوای، ساتمەم دەکرد و لەپەوڕوودەکەوتم... دەبوو نەگریم و نەڵێم ئۆف... دەبوو گورج بکەومە سەر هەر دوو پێ، جاری واش هەبوو کلکی گۆچانەکەی دەدا دەستم یان سەرێکی قامچییە سێ زمانەکەی، تووتکە سەگ ئاسا تێی دەخوڕیم... چێ دەمام و هەنگاوە وردیلەکانم نەدەگەیشتن بە شاشەقاوی ئەو... چ قەهرێك دڵە ساواکەمی دەگوشی، سێبەری باڵای ئەو: من و سێبەرەکەمی لوول دەدا، ڕۆژی دەیەها جار لە بەر پێیەکانی دەنووشتامەوە، دەبوو جوان هەردوو کڵاشەکەی بۆ ڕابگرم، نەدەبوو بشێوم و هەڵە بکەم، ئەو کڵاشانەی لە دوو بەلەمی بچکۆڵە دەچوون، یەکجار ڕاستانو پاشان چەپ، بە هەوەسی خۆی پێی تێ دەخستن، هیلاکی کردم، هەمووعومری جوانیم لە ڕێز کردن و دانانی کەوشی میوانە هیچەکانی بەسەر برد، یەکە یەکە ئەسپەکانیم قەشایش دەکرد و یاڵ و بژیانیم بە شانەیەکی دار دادەهانی، چەند جار بەر لووشکەیان دەدام و دەم و ددانەکانم پڕ دەبوون لە خوێن، بە تەنیا من نەمکوشت، دایکی خۆم... هەق دایکی خۆم و هەموو زڕداکەکانم چاویان نز کردبۆوە، هەر هەموو قەیرە خوشکەکانم... ئەوانەی لە پشت دیوارە ئەستوورەکانەوە، لەودیو پەنجەرە و دەرگا داخراوەکانەوە هەناسەی ساردیان هەڵدەمژی، ئاخی گەرمیان هەڵدەکێشا و خەونیان بە بۆنی پیاوێکەوە دەدی، لەودیو شوورە و پەرژین و پەردە و ڕووپۆشو پەچە و عەباوە فەرمایشتی باوکمیان دەبیست، فەرمان لە سەر فەرمان، هەر هەموو برا گرگن و ترسنۆکەکانم، نێرەمووك، خەسیوەکانم... هەر هەموو نزا خواز بوون کە من تاکە کەسێکم و دەتوانم لە شیرین خەودا بیکوژم، دامێنیان دەگرتم و دەکەوتنە بەر پێم و دەلالانەوە، دەستیان لە بەر پشتێنم ڕادەکرد و دەسکی خەنجەرەکەمیان ماچ کرد، وەی لە قەهری خوشکانم، نەیدەهێشت کەس... هیچ نێرێك بیانبینێ، من بە قاچاغ خەنەم بۆ ئەو خوشکانەم دەکڕی کە تەمەنیان ترازا بوو، حەزیان دەکرد قژی ماش و برنجی خۆیانی پێ بشارنەوە، هەر من بووم بەدزییەوە سوورا و سپیا و کلچووك و مووکێش و شانەم بۆ یەکەیەکیان دەکڕی، ئاوێنە تەڵخ و ژەنگاوی تا ئاشکراو ڕوون روخساری دزێو و ناشیرینی خۆیان نەبینن، ئەو هەموو چرچ و لۆچەی پشت چاویان و بەرمل و لاڕوومەتیان، پەڵە ڕەش و ماك و خاڵەکانی قەیرەیی، وەی لەو خوشکە زۆر نەگبەت و هەناسە سارد و غەمگینانەی من هەمبوون.

شێرزاد حەسەن، حەسار، (1996)

(ا) جۆری بنەماڵە/یان کۆمەڵگایەك کە لەم دەقەدا وێنا کراوە تاوتوێ بکە و کاریگەری ئەم وێناکردنە شرۆڤە بکە.

(ب) کاریگەری بەکارهێنانی بگەڕەوەی یەکەم کەس لەم دەقەدا تاوتوێ بکە.

.2

## هاوین

هەوای هاوینە، هەوای هاوینە،
ئەمساڵ هاوینمان زۆر لێ بەقینە
گڕی ئاگری، سەبوون بەتینە
بەرگی ئاسمان، بۆ ئێمە شینە
فەسڵی گوڵگەشتی، باخی پێنجوینە
ئەم سەبوومان، لە کوێوە بۆ هات
بەتینی گەرمی، هەڵقرچا وڵات
ئەستێرەی تالع، رووی کردە نەهات
بێ شنە و سروەی، شەماڵ کشومات
دڵ بەم گەرمایە، کز و غەمگینە
گردەکەی یارە، جێی خۆرەتاوە
رێگای سەیرانی، نەورۆز بڕاوە
کارێزی شەریف، ئاوی نەماوە
ئەرخەوان، لق و پۆپی شکاوە
گردەکەی سەیوان جێی زار و شینە
سا خوایە هەڵکەی، کزەی شەماڵێ
هەوای ژەنگی غەم، لە دڵ بماڵێ
ئای بۆ دەنگخۆشێك، لە گەڵ شمشاڵێ
بە ئای ئایەوە، تێر بۆم بناڵێ
دەردم کارییە و جەرگم برینە
گوڵ بووە بە خار، بولبول پڕ جە خار
باخەوان کەوتووە، لە پەنا حەشار
شاباز تۆری کرد، گلا میر شکار
یەکسەر گرانی، کەوتە ناو بازاڕ
کەوتوونە ڕەواج، سلق و پەڵپینە

پیرەمێرد، دیوانی پیرەمێرد، (1941)

(ا) شاعیر کام لایەنی وەرزی هاوین وێنا دەکا و بۆ چ مەبەستێك بەکاری دێنێت؟

(ب) چۆنیەتی بەکار هێنانی خوازە (مێتافۆر) و لێکچوون لەم شێعرەدا تاوتوێ کەن.